# "ئاربائیلۆ"



لەوێندەرێ ... لە ژوورێکی بێ پەنجەرە... سەربانی سەرەند و بێژنگ

ژوورێک... تەنگ و  تاریک و ڕەشداگەڕاو

ژوورێک لە ژوورەکانی دۆزەخی ئاسمانێ

که خودا به ڕێکەوت لە دەستی کەوتبێتە خوارێ.. لە دایک بووم
لەوێندەرێ... لە کۆڵانێکی تەنگەبەر... مناڵیم بێ گەمە سووتا
کۆڵانێک تەنگتر لە ڕەحمی دایکە گرینۆکەکەم
ئاربائیلۆ.. بە پیرە قەڵاتەکەی خۆت بڵێ
ئەی پیرە کیسەڵی لەپەوڕووکەوتوو
من خۆزگەمە کە جاروبار دێمەوە.. هەتا گەر بۆ یەکجاریش بێت
ببینم.. هەر تەنها بستێک لە جێگەی خۆی بلەقێت.. بجووڵێت
ئای کە مێژوو درۆزنە؛ گوایە لە سەر پشتی ئەو پیرە کیسەڵە تەمبەڵە
داریۆش و ئەسکەندەر و ئەسپەکانی مەغۆل خلیسکاون
سوپایەک و ئۆردوێک لە جەنگاوەرانیش بەزیون
بە من چی و .. بەچی دەچێت کە کوڕێژگە هار و چەتوونەکانی قەڵات
سەد و یەک جار منیان بەزاند و..
وەک گاشەبەردێک منیان سەرە و خوار تلۆر کردەوە
کێ ئیمڕۆ ئەو «مەکتەبانە» دەبینێت
کە لەگەڵ ئەزبەرکردنی هەر حەرفێک و سروودێک و ئایەتێک
مامۆستا تووڕە و تۆسنەکانت
جامێک تف و فەرهەنگێک جنێویان.. پێ دەبەخشین؟
هۆ شاری شوورە گۆڕستان و خاکەسار
تۆ بۆ من بێجگە لە چایخانەیەکی پڕ لە چرەدووکەڵ و هەرا و زەنا
هیچی دیکە نەبوویت

لەوێندەر بوو... باوکمان خەون و خەندە و هەقایەتی شەوانی ئێمەی

بە دەستێک ئەزنیف دەدۆڕاند

تۆ ئەو کچە نەباڵقانە بوویت

لە بەردەمتا خۆمم دەکرد بە نوکتە و پێنەدەکەنین

ئەو کچانەی مەگەر بەڕێکەوت لە پاسێکدا بمدیبان

بە خۆیان و کۆڵێ کتێبی شەرمنەوە.. کووڕ و قەمبوور لە تاو و ترسی مەمک ڕسکان

ئەو کتێبانەی بێمروەتانە سینە و بەرۆکی ساوای ئەوانی

لە منی نابینا و کەڕ و لاڵ دەشاردەوە

تۆ شەمەندەفەری ئەو خەونە زرەم بوویت،

خەونی سەفەر و تا ئەبەد دانەبەزین

کەچی هەمدیس دەستخەرۆت کردم

وێستگەی خەونەکانم هەنووکە زیندانی لۆتی و چەتەکانتە

وای لەو شەمەندەفەرە غەمگینەی من... ئافەرۆز.. ژەنگگرتوو

بێهوودەش باران بە سەریدا دادەکات و ئەمنیش زار دەکەمەوە

تا شۆڕاوگەی سوێر و ژەنگاری تامی تاڵی بن ماڵوشم بگۆڕێت

هەر کە دێمەوە دوعا و نزا و نماز دەکەم

خودا هاوارە.. نەڕووخابێت منارەی «چۆلی»م کە وەک من لارەملە

یان هیچ نەبێت.. بستێکی دیکە باڵای کردبێت

کێ ئەو پیاسە پڕ لە قەهرانەی عومری جحێڵیمی بینی

ئەو شۆستە هیچانەی من فرمێسکی پەنهانم بە سەردا دەڕشتن؟

که بێ قاچ، بێ سەر، بێ دڵ دەگەڕامەوە ماڵێک

که تا شەوخەوتنان دوو دوژمن تیایدا دەجەنگان

ئێمەش دەبووین بە تیر و کەوان و قەڵغان

جارێک کوژراو و... جارێک بریندار و جارێک مردووی نادیار

کۆشکە هەرە ڕازاوەکانت من بەردم تێدا کێشان

تیایدا بگەڕێ.. هەنووکەش فرمێسک و ئارەقە و هەناسەی ساردم

وا لەوێندەرێ کە بۆتە ڕەنگی غەمینی دیوارەکانی

بەنەفرەت بن ئەو گەڕەکە فێنکانەت کە کرێمستی و چلوورەکانی منیان دەتواندەوە

بەر لەعنەت بکەون ئەو گەڕەکە کپ و خامۆشانەت

کە لە هەرا و ژاوەژاوی نێو کاسەسەری من تێنەدەگەیشتن

دەبا ئاو و ئاو بچن ئەو مامۆستایانەت کە شولک و داربەدەست بوون

کە نەیاندەزانی لە پای چی نینۆکمان هێشتۆتەوە

لە سۆنگەی ئەو «گوناهە کەبیرە»یە

بەیانییانی سارد و سەرسەر ئاسا فەلاقەیان دەکردین

کێ سەروقژی بەخورشت و ئاونەدیومانی دەبینی...؟

من زۆر وەڕس و پەستم لەو پیرەکیسەڵەی

کە نە مردووە و نە دوای شەش هەزار ساڵی ڕەبەقیش.. ناجووڵێت

هۆ شاری شوورە – گۆڕستان و پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

هەر گۆڕێکت لەتە ڕۆحێکی منە و نێژراوە

ئەمەیان چ مێژووێکی خوێناوییە کە لە ئەزەلەوە گۆڕەوشار دەدرێین

منداڵیم هەر هەمووی باڵاگەردانی کێلی پیاوچاکەکانت بوو

چ حەسرەت و ڕۆحکێشانێک بوو کە بە دیار ژنە ڕەشپۆشەکانتەوە.. هەڵدەتروشکام

بۆ مرازی زۆر شەرمنیان بەردیان بە کێلی«ستی ئیمام»ەوە دەنووساند*

تۆ بۆ من ئەو بەردە سپڵە و خز و نامەردە بوویت

کە قەت نەبوو جارێک لە جاران بە درۆش بێت

بە کێلێکەوە بنووسێیت.. بقرسێیت

وای لە مەملەکەتی شێتۆکە و سواڵکەر و قەیرە و بێوەژنەکانت

دڵم تەنگە.. کوان ئەو چوار خواوەندەی باپیرەم دەیپەرستن؟

کوا پەرستگایەکی دارڕماوی ئەوان؟

تا منی ماڵ بەدەر و شاربەدەر بۆ تەنها شەوێک تیایدا بسرەوم

دڵم تەنگە... ئەم سەفەرە کە هاتمەوە

بە کۆڵانە خنکاوەکانت بڵێ با کەمێک بەرینتر بن

سەربانەکانت بستێک بڵندتر و باڵاتر

شەقامە شێتەکانت تۆزێک چۆڵتر

سەرم گێژە... با شۆڕشی نێو چایخانەکانت کەمێ خامۆشتر بێت

ئەو کوڕێژگە و جحێڵانە قومار لە سەر عومری کێ دەکەن؟

مەستە ماندوو و مردووەکانت... لە داخی کێیە

هەموو شەوێک خۆ دەکوژن و "مەسیح" ئاسا بۆ لە خاچدان زیندوو دەبنەوە

تۆ ئەو کچە ڕەوەندی و خۆشناوە بوویت، سمێڵم گووگرە و مووگرە نەببوو.. شەیدات کردم

کەچی هەنووکەش بێوەژنێکی کە ساڵانە تاقە کراس و کەواکەت لە خوم دەگریت

هەمیشە تۆ نائومێدم دەکەیت... هەمیشە و بێ وچان

جار نییە نەیەمەوە.. دارستانێکت سەفەری ئەبەدیی نەکردبێت

چەمێکی نیوە خنکاوت سەری خۆی هەڵنەگرتبێت

پەیکەری شەهیدەکانت بەر فیشەک و ساچمە و خومپارە نەکەوتبێتن

تەواو.. بەسەر چوو سەردەمی کچە شەرمنۆک و پاکیزەکانت

ئەو کچانەی لە خەونەکانیشمد خۆیان بەدەستەوە نەدەدا

بمبەخشە.. با بمبەخشن گشت درەختی نێو دارستانەکانت

منداڵێکی چەچەبڤە و ترسنۆک و بێ دارلاستیک بووم

نە جۆلانەیەکم بە درەختێکەوە هەڵبەست و نە چۆلەکەیەکم پێکا

نە هێلانەیەکم تێکدا و نە ڕۆژێک پێیدا هەڵگەڕام بۆ دزینی میوەجات

دەبا بمبەخشن هەرهەموو چەم و گۆم و رووبارەکانت

نە ماسییەکم تێدا گرتن.. نە ڕۆژێک مەلەم تێداکردن.. لە ترس و تاوی کەتنکەران

با بمبەخشن ئەو قەیرەکچانەی ساڵانێکە کەزیی سپی خۆیان دەهۆننەوە

منم گوناهبار... منی کەڕ و بێزوبان و لەرزەلێو لەبەردەم هەر هەموویان

نەموێرا... نە ببمە مێرد و... نە یاوەر و نە دەستگیران

لە بێستانەکانت ویستم شەمامەی بۆندار بم،

چەشنی بڕکەگندۆرەی زڕ دەریانکێشام

بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکانت، خواستی من بوو «عیسا»یەکی سەر خاچت بم

چ بێهوودە بوو مەرگی من خوێنڕژانم

ئاخ... من عومری جوانیم لەوێندەرێ

دەنێو کۆلیتی مریشکەکانتدا بەجێما... ساتەکانی هێلکەدزین

لەو کۆڵانانەی بە پێچ و لوول بوون وەک  رەشەبا و گەردەلوول

کە من دەنێو کەند و  لەند و کولانە و کەلاوەکان  دەگەڕام..

کە سەگە بەڕەڵلا و  و  تانجی و گوجیلەکانم  قاو دەدان و ..وەدەرمدەنان

تاوەکو من خۆم کە ببووم بە سەگێکی کوێر و  گەڕ..

کە تێیدا بسرەوم و بە زمان برینەکانی خۆم بلێسمەوە!

**"شێرۆ-ی پلکە زاریّ"**

***

**+ ئاربایلۆ:** بە مانای چوار خوداوەند دێت کە ناوە کۆنەکەی شاری هەولێرە و هەنووکە بە «ئەربیل» گۆڕاوە.

**+ ستی ئیمام:** مەزارێکە کە پتر ژنان و کچان بۆ وەدیهێنانی خەونەکانیان سەردانیان دەکرد، کە دەستەواژەکەی سەر زمانی ژنان بە «مرازحاسڵبوون» ناسراوە

**+  منارەی چۆلی و قەڵا:** لە پاشماوە دێرینەکانی هەولێرن+ *